# گوتاری ڕقئامێز لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا
## پەڕەی سێبەری پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە فەیسبوک وەک نمونە

**عمار نجم الدين هواس[1]، صباح احمد نجار[2]**

[1,2] بەشی کۆمەڵناسی، فەکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵێکی نەرێنی لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕق و کینە، بەتایبەتی لە بارودۆخی توندبونی ململانێ سیاسییەکاندا، دەبینن. پارتە سیاسییەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای پەڕە سێبەرەکانیان و لایەنگرانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە شێوازی جۆراوجۆر، هێرش دەکەنە سەر بەرانبەرەکانیان و کەشێک دەخوڵقێنن، کە جۆرێک لە باوەڕپێهێنان لای بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکات؛ لەمیانی ئەم هەڵمەتانەشەوە جۆرەها دەربڕینی نەشیاو و زمانی زبر و سوکایەتی و ناوزڕاندن و ناوناتۆرە بەکاردەهێنرێت. ئەم توێژینەوەیە ئەو ڕاستییانەی لەبارەی بەکارهێنانی گوتاری ڕقئامێز لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەو شێوازە کارکردنەی میدیای پارتە سیاسییەکان لە ململانێ سیاسییەکانی نێوانیاندا ئاشکرا کردووە. ڕێبازی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ناوەڕۆکە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پەڕەی سێبەری پارتە سیاسییەکانە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک. نمونەی توێژینەوەکە مەبەستدارە و بریتییە لە گشت ئەو بابەت و بڵاوکراوانەی کە هەرسێ پەڕەی (باسنیوز و کۆباس و مەلیک) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاویان کردوەتەوە، توێژینەوەکە هەوڵیداوە ئاستی گوتاری ڕقئامێز لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی پەڕەی سێبەری پارتە سیاسییەکان لەبەرفراونکردنی پانتایی گوتاری ڕقوکینە و ئاستی کارلێک و کاردانەوەی بەکارهێنەران لەگەڵ ئەم دیاردەیە دەستنیشان بکات.

کلیلە وشە: گوتاری ڕقئامێز، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەیسبوک، پەیجی سێبەر، پارتە سیاسییەکان.

## پێشەکی

گرنگترین ئامرازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، ئامرازێك، کە بۆ بەکارهێنەرانی سەرچاوەی زانیاری و مەعریفەیە و پانتاییەکە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بۆچونە جیاوازەکان. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکە لە میدیای نوێ، بەهۆی بەرفراوانیی بەکارهێنانی لە لایەن تاکەکانەوە، کاریگەریی لەسەر بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابوری و ئاینییەکان هەیە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەرچی کاریگەریی ئەرێنی هەیە، لە هەمان کاتدا، ئەگەر بە شێوازێکی باش بەکار نەهێنرێت، کاریگەریی نەرێنی و مەترسیی لەسەر کۆمەڵگا و کایە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٤ ئادار ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٥ ئایار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: amarnajmadin@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ عمار نجم الدين هواس، صباح احمد نجار، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

یەکێک لەو دیاردانەی ئەمڕۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرچاودەکەوێت، گوتاری ڕقئامێز و ئاخافتنی شەڕەنگێزانەی هەندێک لە بەکارهێنەرانە، بەشێوەیەک سنوری ئادابی تێپەڕاندووە، گەورە و بچوکی و پێگە و کەسایەتیی هیچ کەسێک لەبەرچاو ناگیرێت و هەمو تاکێک لەم تۆڕەدا ئەگەری هەیە بکەوێتە بەر پلار و هێرشی کەسانی تر. ئەم توێژینەوەیە هەوڵیکە بۆ خستنەڕوی دیاردەی گوتاری ڕقئامێز لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەتی لە بارودۆخی ململانێ سیاسییەکان. سەرنجی توێژەر لەسەر پەڕەی سێبەری پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکدا.

### 1. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

#### 1.1 گرفتی توێژینەوەکە:

یەکێك لەو دیاردانەی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لە پلاتفۆرمی فەیسبوک، لە کوردستاندا دەبینرێت، بەکارهێنانی دەربڕینی نابەجێ و گوتاری شەڕانگێزی تاکەکانە بەرانبەر بەیەکدی لە کارلێك و پەیوەندییەکاندا، کە خۆی لە دەربڕینی نەشیاو و ڕقوکینە و تێچێنی زبر و ناوزڕاندن و تۆمەتهەڵبەستن و سوکایەتیکردن دەبینێتەوە، ئەم دیاردەیە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp123-136

ئەگەرچی زۆر بواری گرتۆتەوە، وەک ئاینی و نەتەوەیی و ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت نێوان شارەکانیش، بەڵام زیاتر لە بواری سیاسیدا ڕەنگیداوەتەوە و لای ئەندام و لایەنگرانی پارتە سیاسییەکان برەوی هەیە، هەر بۆیە لەگەڵ توندبونی ململانێ سیاسییەکاندا ئاستی بەکارهێنانی گوتاری ڕقئامێز و شەڕەنگێزانە بەرانبەر یەکدی بەرز دەبێتەوە. ئەم جۆرە ڕەفتارانە مەترسییەکی گەورە بۆسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن و بەرتەسکردنەوەی ڕای جیاواز دروستدەکات. هەندێ جار ئەم ڕەفتارانە سەری کێشاوە بۆ ڕەفتاری توندوتیژی، ئەمە پێشینەیەکی مەترسیدارە لە گواستنەوەی گوتاری توند لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ کرداری توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگادا. هەر بۆیە وردەوردە خەریکە گوتاری ڕقئامێز دەبێتە سیمایەکی دیاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

### 2.1 پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1. میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، زیاتر گرنگی بە چ جۆرە بابەت و بڵاوکراوەیەک دەدەن؟
2. گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە چ ئاستێکدایە؟
3. شێوازی دەربڕینی گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چۆنە؟
4. جۆری گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چییە؟
5. هۆکارەکانی گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چییە؟
6. لە گوتاری ڕقئامێزی میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کێ بەئامانج گیراوە؟
7. چەمک و دەستەواژە بەکارهاتووەکانی هەڵگری مۆرکی ڕقوکینە لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کامانەن؟
8. شێوازی کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ گوتاری ڕقئامێزی میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان، لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە چ ڕێگایەکەوەیە؟
9. کاردانەوەی بەکارهێنەران بەرانبەر گوتاری ڕقئامێزی پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چییە؟

### 3.1 گرنگیی توێژینەوەکە:

لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، گوتاری ڕقوکینە لە پلاتفۆرمەکانی ئەم تۆڕەدا بەرجەستە و هەستپێکراوە؛ ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی هۆکار و کاریگەرییەکانی ئەم دیاردەیە. ڕەنگە چەندین بابەت و نوسین لەسەر ئەم دیاردەیە هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی زانستی توێژینەوەی لەسەر نەکراوە، بۆیە دەکرێت ئەم توێژینەوەیە وەک هەوڵێکی زانستی تەماشا بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە.

### 4.1 ئامانجی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەدا توێژەر چەند ئامانجێکی هەیە، کە بریتین لە:

1. دەرخستنی ئاستی گرنگیدانی میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان بە بابەتە جۆراوجۆرەکان لە بڵاوکراوەکانیاندا.
2. زانینی ئاستی گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
3. ئاشکراکردنی شێوازی دەربڕینی گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
4. ئاشکراکردنی جۆری گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
5. ئاشکراکردنی هۆکارەکانی گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
6. ئاشکراکردنی بەئامانجکراوان لە گوتاری ڕقئامێزی میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
7. دەستنیشانکردنی چەمک و دەستەواژە بەکارهاتووەکانی ڕقوکینە لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
8. ئاشکراکردنی شێوازی کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ گوتاری ڕقئامێزی میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
9. دەرخستنی کاردانەوەی بەکارهێنەران بەرانبەر گوتاری ڕقئامێزی پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

### 5.1 جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:

جۆری ئەم توێژینەوەیە وەسفیە و ڕێبازی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ناوەرۆکە، بۆ ئەو مەبەستەش سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕوی شوێنکات و جۆری ئەو بابەتانەی دەستنیشانکراون، لەبەر ڕۆشنایی پێوەر و ڕێکارە ئەزمونکراوەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک تاوتوێ کراون.

### 6.1 کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان، گشت پەڕەی سێبەری ئاراستەکراوی پارتە سیاسییەکانە؛ کە بە مەبەستی ململانێی سیاسی لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک بەکاردەهێنرێن و لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقئامێزدا بەشدارن، بەڵام لەبەر ئەوەی پەڕەی سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک زۆرن، بۆیە ئێمە سەرنجمان خستوەتە سەر سێ پەڕەی سێبەر و ئاراستەکراو، کە ئەوانیش: (باسنیوز سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆباس سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مەلیک سەر بە جوڵانەوەی نەوەی نوێ)، ئەم سێ پەڕەیە سەر بە سێ پارتی کوردستانین، بەپێی دواین هەڵبژاردنی عێراق ٢٠٢١، بەزنجیرە زۆرترین لایەنگریان لە کوردستاندا هەیە.

### 7.1 نمونەی توێژینەوەکە:

نمونەی ئەم توێژینەوەیە مەبەستدارە و بریتییە لە گشت ئەو بابەت و بڵاوکراوانەی لە ماوەی مانگێکدا لە هەر سێ پەڕەی(باسنیوز و کۆباس و مەلیک) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک بڵاویانکردۆتەوە.

### 8.1 ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

بەگرتنەبەری ڕێکارە زانستییەکان، سودمان لە فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ کۆکردنەوە و وەرگرتنی زانیارییەکان و بەداتاکردنیان و پاشان شیکردنەوەیان وەرگرتووە. فۆڕمەکە پێکهاتبوو لە یەکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و دەستەکانی شیکردنەوەی ناوەرۆک و ڕوخسار، لە (74) بڕگە پێکهاتبوون.

8.1.1 ڕاستگۆیی ڕواڵەتی: بۆ دەرخستنی ڕاستگۆیی، توێژەر، فۆڕمێکی شیکردنەوەی ناوەرۆکی دروستکرد و بەمەبەستی هەڵسەنگاندن، ئاراستەی پێنج پسپۆڕی بوارەکانی کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن و دەروونزانیی کرد، دواتر ڕادەی پەسەندکراویی بڕگەکان دەرهێنرا، بریتییە لە (90.81%)، کە لەڕوی زانستییەوە بە ڕێژەیەکی بەرز دادەنرێت.

8.1.2 جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسی: بۆ دەرخستنی ڕادەی جێگیریی شیکردنەوەی ناوەرۆک، بەشێوەی دووبارەکردنەوە، لە دوای یەک مانگ لە شیکردنەوەی یەکەم، جارێکیتر، شیکردنەوە بۆ بەشێک لە نمونەکان کرا، کە خۆی لە (20%)ی توێژینەوەکە دەبینییەوە، ڕێژەی جێگیریی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (0.83)، کە لەڕوی زانستییەوە ئاستێکی پەسەندکراوە.

## 2. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا هەوڵماندا وە لەگەڵ باسکردنی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، ناساندنێکی کورت بۆ چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بکەین، لەگەڵ خستنەڕوی چەند توێژینەوەیەکی پێشوی نزیک و هاوشێوە لەگەڵ توێژینەوەکەمان.

### 1.2 توێژینەوەکانی هاوشێوە و نزیک لە توێژینەوەکە:

یەکەم: توێژینەوەی هێمن ئەمین شوانی بە ناونیشانی: مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی- تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وەک نمونە (شوانی، 2020).

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە بە ئامانجی شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی مەترسییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا. توێژینەوەکە پەسنییە، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتیی بۆ پەسنکردن و گەیشتن بە ئەنجامەکان بەکارهێناوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە شاری هەولێرە و نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک، جۆری نمونەکە مەبەستدارە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینیکردن.

توێژەر هەوڵیداوە ئەو بابەت و کێشە و گرفتانەی بڵاوکردنەوەیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک، مەترسی و هەڕەشە لەسەر کۆڵەکەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن، ئاشکرا بکات و بیانخاتەڕو.

لە ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە:

دەرکەوتووە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە فەیسبوک بووەتە هۆکارێک بۆ زیادبونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. لەڕوی ئاینییەوە دەرکەوتووە فەیسبوک بووەتە ئامرازێک بۆ هاندان دژی گروپە ئاینی و نەتەوەییەکان و بانگەشەی توندڕەویی ئاینی و بەهێزکردنی هزری ڕەگەزپەرستی و قووڵکردنەوەی جیاوازییە ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان. لەڕوی دەرونییەوە فەیسبوک بووەتە هۆکارێک بۆ بڵاوبونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و فشاری دەرونی، هەروەها لەڕوی سیاسییەوە فەیسبوک بووەتە سەکۆیەک بۆ قووڵکردنەوەی ململانێ و ناکۆکیی نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان.

دووەم: توێژینەوەی ارادة زيدان الجبوري بەناونیشانی: خطاب الكراهية في وسائل الاعلام العراقية (الجبوري، 2018)

لەم توێژینەوەیەدا ( گوتاری ڕقئامێز لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی عێراقیدا)، توێژینەوەکە ساڵێک دوای کەوتنی پارێزگای موسڵ و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعشەوە ئەنجامدراوە، لەو کاتەدا لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق سەبارەت بە کەوتنی ئەم شارە پەنجەی تۆمەتیان ئاراستەی یەکدی دەکرد. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پەنای بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ ژمارەیەک بەرنامەی کەناڵە جیاجیاکانی عێراق بردووە. نمونەی توێژینەوەکە (١٣) بەرنامە بووە لە (١٣) کەناڵی ئاسمانیی عێراقی، کە بەرنامەکانیان لە کاتژمێر (٦-١٢)ی شەو پەخشکردووە.

توێژەر ئامانجی بووە بزانێت: گوتاری زاڵ لەسەر ئەم پرسە لە میدیای عێراقیدا چۆنە؟ ئاستی ڕقوکینە لە پەیامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بینراوی عێراقی چەندە؟

توێژەر بەم ڕاستیانە گەیشتووە: زمانی سەرزەنشت و دەنگۆ بەسەر پەیامەکانی میدیادا زاڵە، ئەمەش وایکردووە لە ئەرکە میدیاییەکەی خۆیان دوربکەونەوە. ئامادەکاران و پێشکەشکارانی بەرنامەکان ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی گوتاری ڕقوکینە لاواز بووە. جوڵاندنی هەست و سۆز لە ڕێگای هەندێک دەربڕینەوە، هۆکار بووە بۆ تەماشاکردنی هەندێک نەتەوە و مەزهەب و لایەنی سیاسی، وەک دوژمن. دەمارگیری لە دروستکردنی هەندێک تێڕوانین و چوارچێوە بۆ گروپە سیاسییەکان و بەستنەوەیان بە نەتەوە و مەزهەبەکانیانەوە و پێکەوە حەشرکردنیان.

سێیەم: توێژینەوەی ناصر سعود الرحامنه، بە ناونیشانی: خطاب الكراهية في شبكة الفيس بوك في الاردن(الرحامنة، 2018).

ئەم توێژینەوەیە (گوتاری ڕقئامێز لە تۆڕی فەیسبوک لە ئوردن)، توێژینەوەیەکی پەسنییە، میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، پەنای بردۆتە بەر پرسیارنامە. نمونەی توێژینەوەکە (٤٠٠) تاکە، بەشێوەی هەڕەمەکی وەریگرتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە عەمانی پایتەختی ئوردنە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئاشکراکردنی ئاستی ڕقوکینە و شێوازە باوەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگای ئوردنی، شوێنەوارە نەرێنییەکانی بڵاوبونەوەی گوتاری ڕقئامێز لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەریی گوتاری ڕقئامێز لە فەیسبوکەوە لەسەر بەها ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لە کۆمەڵگای ئوردنی. ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقئامێز و توندوتیژی لەکۆمەڵگادا.

توێژینەوەکە بە چەند ئامانجێک گەیشتووە لەوانە:

بەشداربوانی توێژینەوەکە تێڕوانینی جیایان بۆ چەمکی گوتاری ڕقئامێز هەبووە، وەک: ئاوەژۆکردنی ڕاستییەکان، قەبوڵنەکردنی ڕای جیاوازی بەرانبەر!

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کار لەسەر دروستکردنی دووبەرەکی و جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەکات. گوتاری ڕقئامێز لە فەیسبوک دەبێتە هۆکاری توندڕەوی و ڕوبەڕوبونەوەی ئاینی و مەزهەبی و هەماهەنگی لە نێوان خەڵکی کەمدەکاتەوە.

چوارەم: توێژینەوەی هاوبەشی ئانات بێن دەیڤد و ئاریادنا فێرناندیس بەناونیشانی: Hate Speech and Covert Discrimination on Social media: Monitoring the Facebook pages of Extreme-right Political Parties in Spain. (Ben- David & Fernandez 2016)

ئەم توێژینەوەیە (گوتاری ڕقئامێز و جیاکاریی شاراوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: چاودێریکردنی پەڕەی فەیسبوکی پارتە سیاسییە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ئیسپانیا) توێژینەوەیەکی شیکاریی پەسنییە و داتا و زانیارییەکان لە حەوت پەڕەی فەیسبوک لە نێوان ساڵانی 2009 تاوەکو 2013 بەراوردکراون.

نمونەی توێژینەوەکە حەوت پەڕەی فەیسبوکی پارتە سیاسییەکانی ئیسپانیایە: بە جۆرێک دو پارتی ئیسپانی هەڵبژێردراون کە لەڕوی ژمارە و قەبارەی کورسیی پەرلەمانی لە یەکتر نزیکن، هەروەها دو پارتی بچووکی لۆکاڵی و سێ پارتی دیکە کە پێکەوە هاوپەیمانی لە پێناو ئیسپانیایان پێکهێناوە.

ئەم توێژینەوەیە شیکاری و بەراوردکاری بۆ گوتار و پەیامەکانی پەیجەکانی فەیسبوکی ئەو حەوت پارتە کردووە.

ئامانجی توێژینەوەکە: نیشاندانی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایتیەکان و بەکارهێنانیان لە بڵاوکردنەوەی گوتاری توندوتیژی، وردبوونەوە لە چۆنیەتیی بەکارهێانی فەیسبوک لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقئامێزی مەبەستدار و ئاشکرا، پیشاندانی جۆر و ناوەرۆکی پەیامەکان و جۆری ئەو خەڵکانەی بەشداری تیادا دەکەن، بەراوردکردنی چالاکیی فەیسبوکی سەر بە پارتە ڕاستڕەوە ڕادیکاڵە ئسپیانیەکان، لەگەڵ چالاکیی پەڕەی پارتە سیاسییەکانی دەسەڵات.

ئەنجامەکان:

هەردوو جۆری گوتاری توندوتیژ و ڕقئامێز بە ئاشکرا و نهێنی لە فەیسبوک لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە بەکارهێنراوە، پارتە سیاسییە ڕاستڕەوە ڕادیکاڵەکانی ئیسپانیا فەسبوکیان وەک سەکۆیەک بۆ گوتاری ڕقئامێزی ئاشکرا بەکارهێناوە و زۆرترین پۆست و وێنە و ئەکتیڤیتیان لەو بوارەدا هەبوە، هەندێک لە بڵاوکراوەکان ئاماژەی ڕقئامێز و هاندانی توندوتیژیان پێوە دیارە، کە دژی ستانداردەکانی کارکردنی فەیسبوکن. لە زۆربەی پەڕەکان نیشاندانی توڕەیی دژی ئیسلام و خەڵکی ڕەشپێست، بەشێکی گەورەی چالاکییەکان بووە. گوتاری ترس لە بیانی و بڵاوکردنەوەی دروشمی دژە کۆچبەر لە زۆرێک بڵاوکراوەکان ئاماژەی پێکراوە.

## 2.2 گوتاری ڕقئامێز

گوتاری ڕقئامێز(hate speech): لە دو وشە پێکدێت، (گوتار) لەگەڵ (ڕق و کینە).

گوتار: هەر قسەیەکە کە دەوترێت و دەبیسترێت، ئامانجی یەکەم دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر بەرانبەر بە شێوەیەک لە شێوەکان (یقطین، 1997، 19).

ڕق و کینە: گوزارشتە لە هەستێکی نەخوازراو و نەفرەتکردن و دژایەتی، یان هاوسۆزنەبون لەگەڵ کەسێک، یان هزرێک، یان شتێک، یان دیاردەیەکی دیاریکراو (بوجمعة، 2020، 5).

لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی نەتەوەیەکگرتووەکان و پلانی کاریان سەبارەت بە گوتاری ڕقئامێز، بۆ ساڵی (2019) پێناسەی گوتاری ڕقئامێزیان بەم شێوەیە کردووە: هەر جۆرە پەیوەندییەکە، زارەکی، نوسین، یان ڕەفتاری، کە هێرش بکاتە سەر کەسێک یان سوکایەتی پێبکات لەسەر بنەمای ئاین، یان ئینتیمای نەتەوەیی، یان بنەچەی یاخود ڕەنگی یان ڕەگەزی یان هەر هۆکارێکی تری شوناسی. (الامم المتحدة، 2019، 2)

هەروەها گوتاری ڕقئامێز لە ئەنجامی ئەو وشە و دەربڕینانەوە دێتەئارا، کە گاڵتەکردن و پەراوێزخستن و سوکایەتیکردن بە مرۆڤ لەخۆدەگرێت، پێشوازیلێکراو نییە و نەرێنییە، ئەوانی تر بە جیاواز و خراپ ناودەبات و هەمیشە داوای وریایی بەرانبەریان دەکات، ئەمەش بە بەکارهێنانی وشەی نەشیاو و ڕیسواکەر، کە دەبێتە هۆی دروستبونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی، ئەم گوتارە بە گوتاری توندڕەوی و توندوتیژەوە بەستراوەتەوە، داوای توندوتیژی و ڕقوکینە دەکات، کەشێک دەخوڵقێنێت کە هانی ئەنجامدانی تاوان دەدات. (البدري، ،2019، 448).

بەپێی دەستنیشانکردنە ئاساییەکان ئەو ناساندنەی بە گوتاری ڕقئامێز دەدرێت، دەکرێت چوارچێوەیان فراوانبێت، ئەگەری هەیە هەندێک کات گوتاری ڕقئامێز خەڵکانی خاوەن دەسەڵات بکاتە ئامانج، یان بەرانبەر کەسانی خاوەن پێگە و دیار بەکاربهێنرێت، بەتایبەتی لە کاتە هەستیارەکانی وەک هەڵبژاردنەکان، ڕەنگە هەڵگیرساندنی پروشکی گوتاری ڕقئامێز لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنە سیاسییەکان هەڵبکرێت، یان بە پێچەوانەوە کەسانی خاوەن دەسەڵات بۆ سەرکوتکردنی کەسانی دیکە بەکاری بهێنن. (کاکایاردون و اخرون، 2015، 10) هەندێک کات دەوڵەتێک ڕەنگە سوپایەکی دیجیتاڵی هەبێت بۆ بلاوکردنەوەی بیر و هزر و پرۆژەکانی بەگوتاری جیاجیا، یاخود پارتی سیاسی یان ئایینی یان نەتەوەیی، یاخود گروپێک یان لەسەر ئاستی تاک، ئەمانە گشتیان لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقئامێزدا بەشدارن، کە ئەمە سنوری ئازادیی بیروڕا دەبەزێنێت و گوتاری جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنێت کە مۆرکی ڕەگەزپەرستی و نەتەوەچییەتی و ئاینی و مەزهەبی و سیاسی لە خۆی دەگرێت. (الصراف، 2022، 8).

بۆیە دەکرێت گوتاری ڕقئامێز لە چەند شێوە و فۆرمێکدا خۆی بنوێنێت، لە خوارەوە ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین: (صحراوي، 2022، 10):

1. گوتاری جیاکاری و ڕەگەزپەرستی: گشت ئەو گوتارانەن، کە لەسەر بنەمای جیاکاری یان ڕەگەزپەرستین، بەهۆی ئینتیمای: ئایینی، سیاسی، هزری، ڕەگەز، نەتەوەیی.
2. گوتاری هاندان: گشت ئەو گوتارانەن کە هانی کردارێک دەدەن بۆ زیانی جەستەیی و مەعنەوی، وەک: هاندان بۆ تۆڵەسەندنەوە.
3. گوتاری ڕقاوی و بانگەواز بۆ کوشتن و توندوتیژی: گشت ئەو گوتارانەن، بانگەوازی ئەنجامدانی تاوان و بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەن.
4. زمانی زبر: ئەو گوتارانەن، کە سوکایەتی و هێرشیان تێدایە و هەوڵی بەکەمنیشاندانی ئەوانی دیکەی تێدایە، بە بەکارهێنانی دەستەواژە و وشەی بریندارکەر و گاڵتەجاڕی.

هەروەها گوتاری ڕقوکینە بەگوێرەی پلەبەندی (SOVA) چەند ئاستێکی هەیە (الربیعي، 2019، 8) ئاستەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە داڕێژراون:

**یەکەم: ئاستی بەهێز:**

1. بانگەواز بۆ توندوتیژی.
2. بانگەواز بۆ جیاکاریی ڕەگەزی.
3. بانگەواز بۆ ڕەتکردنەوەی ئاشتی.

ئاستی ناوەند:

1. پاساوهێنانەوەی مێژویی بۆ ڕوداوە توند و جیاکارییەکان.
2. گوماندروستکردن بۆ ڕاستییە مێژوییەکان، کە ڕوداوی خوێناوی و جیاکارین.
3. قسەکردن لەسەر تاوانی ئاینی یان نەتەوەیی گروپێک بەرانبەر گروپێکی تر.
4. بیرکردنەوە لەبارەی زاڵبونی گروپێک بەسەر گروپێکی تردا.
5. تۆمەتبارکردن، بۆ دروستکردنی کاریگەریی نەرێنی بەرانبەر کەسێک یان کۆمەڵێکی ئاینی یان نەتەوەیی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە یان دەوڵەت.

**ئاستی نەرم:**

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp123-136

1. دروستکردنی وێنەی نەرێنی لەسەر گرووپێکی ئاینی یان نەتەوەیی، لە میانی بڵاوکردنەوەی لێدوان لەبارەی نەگونجاوی و بێتواناییان.

2. لێدوان لەبارەی کەموکوورپی ئەخلاقیی گرووپێکی ئاینیی.

3. سوکایەتیکردن بە گرووپێکی نەتەوەیی یان ئاینیی، لە چوارچێوەی گوتاری رقئامێزدا. روانگەی میدیایی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقا، لە میانی راپۆرتێکدا لە ساڵی (2019) بەناوی ( گوتاری رقئامێز و وروژاندن: دیاردە، چەمک و رێکارەکانی بەرەنگاربونەوەی) چەند ئاستێکی بۆ تەشەنەکردنی گوتاری رقئامێز دەستنیشانکردووە، لە ئاستی یەکەمدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گوتاری رقئامێز زیاتر لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا تەشەنە دەسەنێت، ئەویش لە رێگای بەکارهێنانی میدیاکان بۆ سوکایەتی و شکاندنی یەکدی و تۆمەتبەخشینەوە و خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی و توندوتیژی. لە ئاستی دووەمدا جەخت لەسەر بەکارهێنانی وشە دەکاتەوە کە بێبەری نییە لە دروستکردنی رق و کینە، بەڵکو هەر وشەیە وەک چۆن دەتوانێت خۆشەویستی دروست بکات ئاواش رقوکینە دروست دەکات. لە ئاستی سێیەم، کورتکراوەتەوە لەوەی کە وشە، وێنە دروست دەکات، وەک ئەو وێنەیەی لەئەنجامی دەربڕینی کەسێک لەسەر کەسانی دیکە دروست دەبێت، وێنەیەک کە راستیی نییە! بەمانایەکی دیکە ئەو وێنەیەی لەسەر کەسی بەرانبەر دروستکراوە هەڵێنجراوی گوتار و خەیاڵە. لە ئاستی چوارەمدا هەوڵدەدرێت لەرێگای بەکارهێنانی زمانی زبرەوە، نکۆڵی و ئینکاری لە خەڵکانی بەرانبەر بکرێت. لە ئاستی پێنجەم بەکارهێنانی زمانی رقوکینە بەرانبەر کەسانی دیکە بەئامانجی دەستدرێژیکردنە سەر ئازادی و نکۆڵیکردنە لە کەسانی بەرانبەر، کەئەمەش هۆکارێکە بۆ تێکدانی بونیادی رۆشنبیری و ئازادی و لێخۆشبون لە کۆمەڵگادا. ئاستی شەشەم ئاماژە بۆ زمانی بەکارهێنراو لە میدیادا دەکات کە هەڵگری رق و کینەیە و زمانێکی سەرەتاییە و بەسەر بیرکردنەوەی نوێدا زاڵە. (بوجمعة، 2020، 9-10)

لە لایەکی ترەوە ناوەندی (HEYA) بۆ سیاسەتە گشتییەکان، ژمارەیەک هۆکار بۆ دروستبوونی رقوکینە دەستنیشان دەکات، لەوانە: وێنەکردنی هەڵە بۆ کەسانی بەرانبەر، ترسان لە کێبرکێ، وێناکردنی بەرانبەر وەک دوژمن و دژبەر، لاوازیی رۆشنبیریی گشتی و پەروەردەو فێرکردن، ئەو شێوازەی مێژوی پێ دەخوێنرێتەوە، میدیا، نەبونی زانیاری، بیروبۆچونی پێشوەختە. (مركز هي، 2015، 7)

## 3.2 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

زاراوەیەکە بە کۆمەڵێک پێگەی ئینتەرنێت دەوترێت، رێگە بە پەیوەندیی نێوان تاکەکان دەدات، کە لە ژینگەیەکی گریمانەییدا کۆبونەتەوە. (اسماعيل، 2020، 30).

هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گوزارشتە لەو پێگانەی لەلایەن تاکەکانەوە بەکار دەهێنرێن بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و یەکترناسین و دروستکردنی کۆمەڵگای گریمانەیی کە خاوەن حەز و خولیای جۆراوجۆرن. بەکارهێنەر دەتوانێت لاپەڕەی تایبەت بەخۆی هەبێت، وێنە و زانیاری و بڵاوکراوەی تایبەتی خۆی تێدا نمایش بکات و وتار و نوسینەکانی بڵاو بکاتەوە(بعزيز، 2012، 174).

مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەمیشە بەدوای تێکەڵاویی خەڵکانێکەوەیە، کە رەفتار و هەڵسوکەتی لەگەڵیاندا گونجاو و لێکنزیک بێت، بۆیە پەیوەندیکردن بە یەکێک لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بواری پەیوەندیکردن بۆ بەکارهێنەرانی دەرەخسێنێت لە هەر کات و شوێنێک بیانەوێت، بۆیە ئەم داهێنراوە واتای پەیوەندی و نزیکبونەوەی گۆڕی. (شفيق، 2018، 131) لەگەڵ دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکانی تاک بەرفراوانیی بەخۆیەوە بینی، سەرەڕای پەیوەندییە سنوردارەکانی لە دونیای واقیعدا، جۆرە پەیوەندییەکی دیکە سەریهەڵدا، کە لە دونیای دیجیتاڵی و گریمانەییدایە و سنورەکانی تێپەڕاند. ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بەپێی تایبەتمەندی دابەشبوونیان، ئێستا ملیۆنان کەس لەسەر ئاستی جیهان، لە بەکارهێنەران، پێکەوە دەبەستنەوە. لە دیارترین پلاتفۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: فەیسبوک و تویتەر و مایسپەیس (القضاة، 2013، 117) ئینستاگرام و تیکتۆک و چەندانی دیکەیە.

بەپێی راپۆرتی(we are social)، ساڵی2022 لەسەر ماڵپەڕەکەی بڵاوی کردۆتەوە، لە نزیکەی هەشت ملیار کەس لە جیهان (5.48) ملیار کەس مۆبایلیان هەیە، لەو رێژەیەش (5.07) ملیار کەس ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، هەروەها رێژەی (4.74) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چالاکن و رۆژانە بەشداریی پلاتفۆرمە جیاجیاکان دەکەن. (weare social, 2023). واتە نزیکەی (60%) دانیشتوانی جیهان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن و رێژەکە رۆژبەرۆژ لە زیادبووندایە، ئەمەش گرنگیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەژیانی رۆژانەی تاکەکەسدا دەردەخات، کە سەرەڕای بەکارهێنانی وەک ئامرازێکی پەیوەندی، سەرچاوەیەکی گرنگی دەستخستنی هەواڵ و زانیارییە لە بارەی رووداوە گەرم و جۆربەجۆرەکانی نێوخۆ و جیهان.

دکتۆر ئوسامە عەکنان، ژمارەیەک خەسڵەت، کە هۆکارن بۆ خێرا تەشەنەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەخاتەروو، لەوانە: (عكنان، 2019، 6):

1. بە ئاسانی بەکاردەهێنرێت، شارەزاییەکی ئەوتۆی ناوێت، تەنانەت ئەوانەشی کە ئاستێکی مەعریفی و زانستیی ئەوتۆیان نییە، دەتوانن بەکاری بهێنن.

2. لە رووی تێچووەوە هەرزانتر دەکەوێت، تەنها هێڵێکی ئینتەرنێت هەبێت، دەتوانرێت بەکار بهێنرێت.

3. لەسەر بنەمای بەشداریکردن و کارلێک دروستبووە، بۆ بەکارهێنەران سەرنجراکێشە، لە هەر شوێنێکی دونیا بێت، دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر بگرێت.

4. دەتوانرێت لە رێگای مۆبایلەوە بە ئاسانی بەکار بهێنرێت.

5. لە رێگای پلاتفۆرمەکانیەوە دەتوانرێت نامە و ڤیدیۆ ئاڵوگۆڕ بکرێت، بەشداربو دەتوانێت ئەوەی دەیەوێت، لە هەواڵ و بابەت، بۆ هاورێکانی بنێرێت.

لە (15)ی شوباتی (2020) لە کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، باڵیۆز والفانگ شنایدەر سەرۆکی کۆنگرەکە، پانێڵێکی بەرێوەدەبرد، بۆ مارک زۆکربێرک دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمپانیای فەیسبوک، لەو کۆنفرانسە رێکخرابو. لەدەسپێکدا باڵیۆز شنایدەر بە زۆکربێرکی گوت: ئێستا فەیسبوک دەوڵەتە و زۆکێربێرک سەرۆکی ئەو دەوڵەتەیە، کە لە گەورەترین دەوڵەتی ئەم جیهانەش گەورەترە، لەوەش زیاتر ئەم دەوڵەتە ئۆنلاینە لەناو هەموو دەوڵەتەکانی جیهاندا بوونی هەیە و هاوشێوەی تانک و رۆکێت کاریگەریی لەسەر سیاسەتی ئاسایش و بەرگری و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان و تەنانەت کاریگەریی لەسەر رەوتی هەڵبژاردنەکانیش هەیە. (گوڵان، 2022، 30)

لەگەڵ دروستبوونیدا فەیسبوک کاریگەریی لەسەر زۆرپرسی هەستیاری جیهان لە بواری سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و پرسە گرنگەکانی تایبەت بە مرۆڤایەتی هەبووە، لە رێگەی ئەم پلاتفۆرمەوە هاشتاگی فراوان بۆ چارەسەر و پێشچاوخستنی دەیان دۆسیە لە لایەن چالاکوانان و بەکارهێنەرانی ئەم پلاتفۆرمەوە خراونەتەڕو و رای گشتییان بۆ دروستکراوە، بۆ نمونە ئەگەر یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، هۆکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بوبێت، ئەوا

هۆکاری تەشەنەسەندن و گواستنەوەی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، ئامرازەکانی پەیوەندی و میدیا بو، بەتایبەتی فەیسبوک (زرن، 2017، 122).

کاستلز لە کتێبەکەیدا، تۆڕەکانی تورەیی و هیوا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئامرازە جیاوازە نوێیەکان بەشدارییەکی گرنگیان لە سەرخستنی شۆڕشی جەماوەریی تونس لە ساڵی (2011)دا هەبوو، لەنێو ئەم ئامرازانەدا ئینتەرنێت رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، جیا لەو دەنگە ئازادانەی کە سەرەڕای سانسۆر و سەرکوتکردن لەلایەن حکومەتەوە لە ئینتەرنێتدا بڵاودەبوونەوە. هەر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەماهەنگییەکی باشیان لەگەڵ کەناڵە ئاسمانییەکانیش دروستکرد، بە تایبەت لەگەڵ کەناڵی جەزیرەدا، پەیوەندییەکی تەواوکاری لە نێوان مۆبایلی هاووڵاتیان و رۆژنامەنوساندا هەبو، هاووڵاتیان وێنە و ڤیدیۆکانیان لە یوتیوبدا بڵاودەکردەوە و کەناڵی جەزیرە ئەم ماددانەیان لە رۆژنامەگەریی هاوڵاتییەوە بەکاردەهێنا و دواتر بۆ تەواوی خەڵکی جیهانیان پەخشدەکرد (کاستلز ،2017، 49-50).

بۆیە دکتۆر ئیبراهیم هنداوی دەڵێت: ئەگەر رووداوی خۆ سوتاندنەکەی محمد البوعزیز لە تونس، بووە هەوێنی شۆڕش لەو وڵاتە، پێش دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردو بوایە، ئەوا هەرگیز شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی روویاننەدەدا (الهنداوي، 2013).

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکارییەکی جەوهەرییان لە ئاراستەی بەرهەمهێنانی هەواڵ و گواستنەوەی ڕوداوەکاندا دروستکرد؛ لە ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەرگر خۆی بووە نێرەر و سەرچاوەی هەواڵ، بۆیە رۆژنامەنوسی سعودی (عبده خال) دەڵێت: فەیسبوک هەواڵەکانی لە میدیای کلاسیکی یان میدیای تەقلیدی دزی، ئینتەرنێت و مۆبایل، لە گواستنەوەی ڕوداوەکان، پێش کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان کەوتون، بۆیە هەمو کەسێك لەسەرانسەری دونیا، دەتوانێت لە خێراترین دەرفەتدا، بە سەرچاوەی هەواڵەکان بگات (عکنان، 2019، 8).

### 4.2 گوتاری ڕقئامێز لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا:

ئەگەرچی ڕقوکینە وەک پرۆسە زۆر پێش سەرهەڵدانی میدیا و ئامرازەکانی هەبوە، بەڵام بیرمەندان و توێژەران، پێیانوایە، میدیای نوێ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی کاریگەر و زەمینەخۆشکەر بون بۆ تەشەنەکردن و بەرفراوانتر بونی ئەم دیاردەیە.

یەکێک لەهۆکارە دیارەکانی بەربڵاویی گوتاری ڕقئامێز لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە بەکارهێنەران دەتوانن لەژێر ناوی ساختە و خوازراو، بەناوی تر و کەسایەتیی شاراوە لەپلاتفۆرمە جیاجیاکان بەشدار بن، ئەمەش بوار دەکاتەوە کە هەرچی دەیانەوێت، لە گوتاری پڕ ڕقوکینە و داخلەدڵی، بەسەر هەرکەسێکدا هەڵبڕێژن، کە دەبێتە ئامانجیان(کاکایاردون و اخرون، 2015، 14). ئەو ژینگەیەی گوتاری ڕقئامێزی تێیدا بەرهەمدێت، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەدۆخی کێبرکێی سیاسی، بە تایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، دەنگۆ و تۆمەت پێش هەڵبژاردن دەتوانێت مەرجی پێشوەختە بۆ توندوتیژی دروست بکات (کاکایاردون و اخرون، 2015، 34).

هەڵبژاردنەکانی وڵاتی کینیا لە ساڵی(2007) توندوتیژییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، کە (1000) قوربانی و (600000) ئاوارەی لێکەوتەوە. زۆرکەس ئەم ململانێ توندەیان بەلاوە سەیر بو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا یەکەمجار بو تەکنەلۆجیای زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کورتەنامە ،بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەدەستهێنانی پشتیوانی بەکارهات، لە هەمانکاتدا بڵاوکردنەوەی دەنگۆ، هەروەها ساختەکردنی بەڵگەنامە و بڵاوکردنەوەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بۆ دروستکردنی شک و گومان لەسەر بەربژێرەکانی سەرکردایەتی، بەم شێوەیە ئامرازەکانی میدیا بۆ بانگەوازکردن و توندوتیژی و دەستێوەردان بەکارهات، بەدوایدا کرداری توندوتیژ دروستبو. (کاکایاردون و اخرون، 2015، 34).

ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک تایبەتمەندی دەدەنە گوتاری ڕقئامێز، لەو تایبەتمەندیانەش(Isasi and Juanatey, 2016. 2).

1. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان توانای فراوانبونی زۆر گەورەی هەیەو بێ سنورە.
2. ناوەرۆکی گوتارە ڕقئامێزەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە.
3. ناوەرۆکی گوتارەکان، بۆ پلاتفۆرمە جیاجیاکانی تری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگوازرێنەوە.
4. بەکارهێنانی ناوی ساختەو نادیار.
5. هەستکردن بە ئازادیی ڕەها، یارمەتیدەرە بۆ سنوربەزاندنی تاکەکان.

بۆیە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە دیاردەی توندوتیژ و گوتاری هەڵگری ڕقوکینە و هەراسانکردن و سوکایەتی و بێڕێزیکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینن، توێژینەوەیەک لە سەر بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ئەمەریکا دەریخستووە (47%) بەشداربوان توشی جۆرێک لە هەراسانکردن یان سوکایەتیپێکردن بە شێوەی ئۆنلاین بوونەتەوە (York and Zukerman, 2019, 154).

گوتاری ڕقئامێز لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پلاتفۆرمە جیاجیاکانی، جگە لەوەی پەیوەندییەکی ناشارستانی دروستدەکات، هەروەها کاریگەریی نەرێنیی دیکە، دور لە دونیای ئۆنلاین لەسەر تاک و گروپەکان دروست دەکات لەوانە: ( Isasi and Juanatey, 2016. 2)

1. دەبێتە پاڵنەرێک بۆ زیانی دەروونی، لە ئەنجامی ئەو هەرەشە و سوکایەتی و هەراسانکردنەی کە بە هۆی ڕق و کینەوە دروست دەبێت.
2. زیان گەیاندن بە کەرامەت و ناوبانگی تاک و گروپە بەئامانجکراوەکان.
3. دروستکردنی کەشی جیاکاری و بێڕێزیکردن بە مرۆڤەکان و گروپەکان.
4. کەمکردنەوەی هاوسۆزی بۆ ئەو تاک و گروپانەی بەر ئەم جۆرە لە سوکایەتی و جیاکاری و تاوان دەبنەوە.
5. زەمینەیەکی لەبار بۆ تاوانی ڕقوکینە دروست دەکات.

## 3. لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە:

بە کورتی هەوڵی ناساندنی ئەو سێ پەڕەیەی فەیسبوک دەدەین، کە نمونەکانی ئەم توێژینەوەیان لێوەرگیراوە و شیکردنەوەی ناوەرۆکیان بۆ کراوە.

پەڕەی باسنیوز: لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک (832000) لایکی هەیە، هەروەها ماڵپەڕی سەرەکیی هەیە بەم ناونیشانە: https://www.basnews.com/so/

باسنیوز لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک بەم شێوەیە خۆی ناساندووە: ماڵپەڕێکی رۆژانەیە، گرنگترین هەواڵە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و هەمەجۆرەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و گەرماوگەرم بڵاودەکاتەوە.

پەڕەی کۆباس لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک، خاوەنی (635000)لایکە و ماڵپەڕی سەرەکیی هەیە بەم ناونیشانە: https://www.kobas.krd

کۆباس لە ناساندنی خۆیدا ئەم تێکستەی داناوە: کۆباس بەشێکە لە دامەزراوەی میدیایی کۆباس و بەرهەمەکانی بە شێوەی نوسراو، بینراو دەخاتە بەردەم وەرگرانی،

هەوڵدەدات بە شێوەیەکی هاوسەنگ و پیشەییانە هەواڵ و زانیارییەکان بۆ وەرگرانی بگوێزێتەوە.

پەڕەی مەلیک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک (377000) لایکی هەیە و بەم شێوەیە خۆی ناساندووە: لە پێناو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئێمە لێرە خزمەت بە کورد دەکەین و دەمانەوێت هەموان پێکەوە دژی ئەو ستەم و نادادییە بوەستینەوە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بەردەوامیی پێدەدەن و سامانی سەر و ژێری وڵات تاڵان دەکەن.

هەرسێ پەڕەکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک، پێکەوە (1,844,000) لایکیان هەیە، واتە گشت ئەو بڵاوکراوانەی لە ڕۆژێکدا ئەم سێ پەڕەیە بڵاوی دەکەنەوە، دەگاتە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان و کارلێکیان دەبێت لەگەڵی و پێی کاریگەر دەبن.

بەپێی ئەو بابەتانەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکمان بۆ کردون، لە چەند خشتەیەکدا لە خوارە ئەنجامە بەدەستهاتووەکان دەخەینەڕو:

## 1.3 جۆری بابەت و بڵاوکراوەکان

خشتەی ژمارە(1)

جۆری بڵاوکراوەکانی هەرسێ پەڕەی(باسنیوز، کۆباس، مەلیک) لە مانگێکدا

| پەڕەکان | باسنیوز | | کۆباس | | مەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری بابەتەکان | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| سیاسی | 468 | 48 | 412 | 47.68 | 90 | 73.17 | 970 | 49.43 |
| ئابوری | 169 | 17.33 | 160 | 18.51 | 18 | 14.63 | 347 | 17.68 |
| کۆمەڵایەتی | 189 | 19.38 | 172 | 19.90 | 2 | 1.62 | 363 | 18.50 |
| کەشوهەوا | 49 | 5.02 | 42 | 4.86 | 8 | 6.50 | 99 | 5.04 |
| تەندروستی | 33 | 3.38 | 27 | 3.12 | 2 | 1.62 | 62 | 3.16 |
| هونەری | 13 | 1.33 | 2 | 0.23 | 00 | 00 | 15 | 0.76 |
| ئاینی | 17 | 1.74 | 21 | 2.43 | 1 | 0.81 | 39 | 1.98 |
| وەرزشی | 8 | 0.82 | 4 | 0.46 | 00 | 00 | 12 | 0.61 |
| هیی دیکە | 29 | 2.97 | 24 | 2.77 | 2 | 1.62 | 55 | 2.80 |
| کۆی گشتی | 975 | 100 | 864 | 100 | 123 | 100 | 1962 | 100 |

وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لە نێو ئەو بابەتانەی کە جێگای بایەخ و گرنگیپێدانی ئەم سێ پەڕەیە، بابەتە سیاسییەکان بە پلەی یەکەم دێت، بەجۆرێک هەرسێ پەڕەکە بەیەکەوە ئەو بابەتە سیاسییانەی لە ماوەی مانگێکدا بڵاویان کردۆتەوە ڕێژەی (49.43%)ی کۆی گشتیی بابەتەکانی دیکە پێکدەهێنێت. لەنێو ئەو سێ پەڕەیەشدا، پەڕەی مەلیک زۆرترین بایەخ بە بابەتە سیاسییەکان دەدات، بەشێوەیەک ڕێژەی (73%)ی بڵاوکراوەکانی سیاسی بووە، هەروەها هەر یەکە لە باسنیوز و کۆباس (48%)ی بڵاوکراوەکانیان سیاسی بون، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەم پەڕانە بە پلەی یەکەم گرنگی بە بابەتە سیاسییەکان دەدەن.

بابەتە بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکانی هەرسێ پەڕەکە، لە ماوەی مانگێکدا، بەپلەی دووەم و بە ڕێژەی(18.50%)دێن، زۆرینەی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی کە لەم پەڕانە بڵاوکراونەتەوە هەواڵی کوشتن و سوتان و ڕوداوی هاتوچۆ و کێشە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژانەن کە لە شوێنە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان ڕوودەدەن و مۆرکی کۆمەڵایەتییان هەیە.

بابەتە ئابورییەکانیش بەپلەی سێیەم و بە ڕێژەی(17.68%) دێت، ئەویش خۆی لە بابەتەکانی نرخی دراوەکان و نرخی نەوت و سوتەمەنی و هەواڵی دابەشکردنی موچە و بابەتە دارایی و ئابوریەکانی پەیوەست بە حکومەتی هەرێم و بەغداد، دەبینێتەوە.

بەپلەی چوارەم کەش و هەوا دێت بە ڕێژەی(5.04%)، هەروەها بە پلەی پێنجەم بابەتی تەندروستی دێت کە تایبەتە بە ڕێنمایی تەندروستی و هەواڵ و بابەتی تەندروستی، بە ڕێژەی(3.16%)، هەندێک بابەتی دیکەی ڕۆژانە و هەمەڕەنگ و ئاگاداری و ڕونکردنەوە کە نەدەچونە چوارچێوەی هیچ یەکێک لەو ڕیزبەندییانەوە، بۆیە لەچوارچێوەی(هی دیکە) دامانناون، کە ڕێژەی(2.80%)ی کۆی گشتیی بابەتەکان پێکدەهێنن، بابەتە ئاینییەکانیش ڕێژەی(1.98%) پێکدەهێنن، بابەت و هەواڵە هونەرییەکانیش بە ڕێژەی(0.76%)وە، ئەو بابەتانەشی دەچنە خانەی بابەتە وەرزشییەکان، بەڕێژەی(0.61%) پێکهاتوون و، کەمترین بایەخیان پێدراوە لەم سێ پەڕەیەوە.

ئەوەی ئاشکرایە بابەتە سیاسییەکان بەتەنها بەقەدەر نیوەی کۆی گشتی بابەتەکانی دیکە لەم پەڕانەوە گرنگیان پێدراوە و هەواڵ و بڵاوکراوە و نوسین و ڤیدیۆی جۆراوجۆریان لەبارەوە ئامادەکراوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت: کە ئەم پەڕانە زیاتر لەهەر بابەتێک گرنگی بە بابەتە سیاسییەکان دەدەن و ڕۆژانە کاریان لەسەر دەکەن، ئیتر چ بابەتی پەیوەست بەنێوخۆی هەرێمی کوردستانبێت، یاخود بابەتی پەیوەست بە نێوان هەرێم و بەغداد، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم پەڕانە سیاسیین و ئەجێندای سیاسییشیان هەیەو لە بنەڕەتەوە بۆ ئەم ئەرکە دروستکراون، گرنگیدانیشیان بە هەندێک بابەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هی دیکە، تەنها بۆ ڕەنگاو ڕەنگ دەرخستنی پەڕەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی کارلێکە لە ڕێگەی هەواڵە جۆراوجۆرە ناسیاسییەکانەوە کە مایەی بایەخ پێدانی بەکارهێنەرانن.

## 2.3 ئاستی گوتاری ڕقئامێز

خشتەی (2)

ئاستی گوتاری ڕقئامێز لە بڵاوکراوە سیاسییەکانی هەر سێ پەڕەکەدا

| جۆری بابەت / پەڕەکان | بابەتە گشتییەکان | بابەتی سیاسی | گوتاری ڕقئامێز | ڕێژەی سەدی گوتاری ڕقئامێز |
|---|---|---|---|---|
| باسنیوز | 975 | 468 | 124 | %41.06 |
| کۆباس | 864 | 412 | 109 | %36.1 |
| مەلیک | 123 | 90 | 69 | %22.84 |
| کۆی گشتی | 1962 | 970 | 302 | %100 |

لەم خشتەیەدا ئاستی بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقئامێز لە هەر سێ پەڕەی (باسنیوز و کۆباس و مەلیک) لەسەر فەیسبوک لە مانگێکدا بەم شێوەیە: باسنیوز ڕێژەی (41.06%)ی بەردەکەوێت، کۆباس ڕێژەی (36.1%)، هەروەها پەڕەی مەلیک، ڕێژەی (22.84%)ی لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقئامێز بەردەکەوێت، زانیارییە بەدەستهاتووەکان ئەوە روون دەکەنەوە، کە سەرەڕای بەکارهێنانی میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە ململانێ سیاسییەکاندا، ڕێژەیەکی بەرچاو لە بڵاوکراوەکانیان دەچێتە چوارچێوەی گوتاری ڕقئامێز لەسەر پرسە جیاجیا سیاسییەکانی ڕۆژ، کە جێگای ململانێی نێوان پارتەکانە، بەم شێوەیە ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp123-136

بەدەستهاتووە کە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارن بۆ تەشەنەکردنی گوتاری ڕقئامێز.

### 3.3 شێوازی دەربڕینی گوتاری ڕقئامێز:

کە دەڵێین گوتاری ڕقئامێز، مەرج نییە ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە ڕاستەوخۆ هەڵگری ڕقوکینە بێت، هەندێکجار ئاماژ لە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە هاندانە بە ئاراستەی دروستکردنی ڕق و کینە، بۆیە هەوڵدەدەین ئەو بڵاوکراوانەی هەرسێ پەڕەکە پۆلێن بکەین، کە ئایا ڕاستەوخۆ هەڵگری گوتاری ڕقئامێزن یان هاندانن بۆ ڕق و کینە؟

خشتەی (3)

شێوازی دەربڕینی گوتاری ڕقئامێز

| پەڕەکان / شێوازی دەربڕین | باسنیوز ژ | باسنیوز % | کۆباس ژ | کۆباس % | مەلیک ژ | مەلیک % | کۆی گشتی ژ | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕق و کینە | 70 | 56.45 | 63 | 57.79 | 37 | 53.62 | 170 | 56.29 |
| هاندان بۆ ڕق و کینە | 54 | 43.54 | 46 | 42.20 | 32 | 46.37 | 132 | 43.71 |
| کۆی گشتی | 124 | 100 | 109 | 100 | 69 | 100 | 302 | 100 |

خشتەی ژمارە (3) شێوازی دەربڕینی گوتاری ڕقئامێز لە هەرسێ پەڕەی (باسنیوز و کۆباس و مەلیک) ڕوووندەکاتەوە، لێرەدا دەردەکەوێت، کۆی گشتیی بڵاوکراوەکانی هەر سێ پەڕەکە، کە ڕاستەوخۆ هەڵگری ڕقوکینە بوون، ڕێژەی (56.29%) پێک دەهێنن، واتە ئەو ڕێژەیە لە بڵاوکراوەکان، ڕاستەوخۆ هێرش و پەلامار و قسەی ناشیرینی بۆ سەر پارت و لایەنەکان، یاخود کەسایەتیی نێو پارت و لایەنەکان، یان هێما و پیرۆزییەکانی یەکتری تێدایە.

بۆ ئەو بابەتانەش کە دەچنە خانەی هاندان بۆ ڕقوکینە لە هەرسێ پەڕەکە بە ڕێژەی (43.71%) بووە، ئەم جۆرە لە گوتار سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان سوکایەتی و تانە و تەشەریان تێدابووە، هەروەها ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی بەکارهێنەران بەچڕی بەشداری و کارلێکیان لەگەڵ بکەن، هاوکات زەمینە خۆشکەر بووە بۆ مشتومڕ و وەڵام و وەڵامکاری بە قسەی ناشیرین و هێرش و سوکایەتی، ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی زیاتری گوتاری ڕقئامێز.

### 4.3 جۆری گوتاری ڕقئامێز:

دەربڕینی گوتاری ڕقئامێز لە میدیای پارتە سیاسییەکانی کوردستان جۆراوجۆرە، هەروەک ئەم سێ پەڕەیەش هەوڵیانداوە لە بارودۆخە جیاجیاکاندا گوتارەکانیان بەشێوازی جۆراوجۆر ئاراستە بکەن، خشتەی داهاتوو، جۆری ئەو گوتارە ڕقئامێزە پیشاندەدات کە پارتەکان بەرانبەر یەکدی یان نەیارەکانیان دەریان بڕیوە.

خشتەی (4)

جۆری گوتاری ڕقئامێز لە هەر سێ پەڕەکە

| پەڕەکان / جۆری گوتار | باسنیوز ژ | باسنیوز % | کۆباس ژ | کۆباس % | مەلیک ژ | مەلیک % | کۆی گشتی ژ | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هێرش و زمانی زبر | 59 | 47.58 | 48 | 44.03 | 29 | 42.02 | 136 | 45.03 |
| سوکایەتی و گاڵتەپێکردن | 19 | 15.32 | 21 | 19.26 | 13 | 18.84 | 53 | 17.54 |
| تۆمەت و ناو و ناتۆرە | 29 | 23.38 | 26 | 23.85 | 13 | 18.84 | 68 | 22.51 |
| تانە و تەشەر | 10 | 8.06 | 8 | 7.33 | 11 | 15.94 | 29 | 9.60 |
| هی دیکە | 7 | 5.64 | 6 | 5.50 | 3 | 4.34 | 16 | 5.29 |
| کۆی گشتی | 124 | 100 | 109 | 100 | 69 | 100 | 302 | 100 |

زانیارییەکانی نێو خشتەکە ئەوە دەردەخەن کە هەر سێ پەڕەکە بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (45.03%) لە بارودۆخە جیاجیاکاندا هێرشیان کردۆتە سەر یەکتری و لە میانی ئەم هێرشانەش زمانی زبر بەکارهاتووە، بەپلەی دووەم و بەڕێژەی (22.51%) تۆمەت و ناو و ناتۆرە بەرانبەر بەیەکتری بەکار هاتووە، تۆمەتەکانیش پەیوەستن بەو بابەتە گەرمانەی کە پرسی ملململانێی ئەو ماوەیە بوون، کە ئەم توێژینەوەی تێدا ئەنجام دراوە، بەڵام ناو و ناتۆرەکان، لەو بابەتانەن کە بە پرۆسەو قۆناغی دوورودرێژدا تێپەڕیون و کار بۆ چەسپاندنیان لە زەینی خەڵکیدا کراوە، دروستکردنی تۆمەت و ناو و ناتۆرە زۆرجار بۆ بێدەنگکردن و وەک پەرچەکردار بۆ کرداری ڕەخنەگرانەو هەندێک کاتیش بۆ وەڵامدانەوەی بەرانبەر بەکار دەهێنرێت، بەپلەی سێیەم و بەڕێژەی (17.54%) سوکایەتی بەرانبەر یەکتری کراوە، ئیتر چ حیزبەکان بەرانبەر یەکتری یاخود بەرانبەر کەسایەتی نێو حیزبەکان یان بنەماڵەو خێزان و دامەزراوەکان، ئاماژ لەم سوکایەتییانە کەمکردنەوە و شکاندنی یەکتری و هەندێک جار هەوڵدان بووە بۆ لەکەدارکردن و بێڕێزی کردن، کە لەململانێ سیاسییەکان و لە نێو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بووە بە دیاردەیەکی بەرچاو، بەپلەی چوارەم و بەڕێژەی(9.60%) تانەو تەشەر دێت، لە کوردەواریدا هەندێک کات تانەو تەشەر بەئامانجی چاککردنی دۆخێکی نەگونجاو بەکار دەهێنرێت، وەک ئەو تانەو تەشەرەی باوک و دایک لە منداڵەکانیانی دەدەن بەهۆی بێکاری و نەچوونە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، بەڵام بەکارهێنانی تانەو تەشەر لە بارودۆخی ملململانێی سیاسی تووندا، ئەگەر ڕاستەوخۆ سوکایەتیش نەبێت، هاندانە بۆ سوکایەتی لەلایەن کەسانی دیکەوە، بۆیە هاوبەشیەک هەبوو لە نێوان ئەو بابەتانەی سوکایەتی بوون لەگەڵ ئەو

بابەتانەی دەکەوتنە چوارچێوەی تانەو تەشەرەوە، هەوڵیاندا بەپێی جۆری سوکایەتی و هاندان بۆ ســـوکایەتی جیایان بکەینەوە، بەپلەی پێنجەم و بە ڕێژەی (5.29%) ئەو بابەتانەن کە لە چوارچێوەی هی دیکە ریزکراون، لەراســـتیـدا ئەم بابەتانە دەکەونە چوارچێوەی هاندان بۆ ڕق و کینە، واتە خودی بابەتەکە هەڵگری ڕقوکینە نییە، بەڵکو هـاندانە بۆ ڕقوکینە و بابەتەکە بەشـــێوازێـک داڕێژراوە، هەوڵێکە بۆ جوڵانـدنی بەکارهێنەران بۆ ئەوەی بەرەو بەکارهێنانی گوتاری ڕقئامێز ئاراستەیان بکات، بۆ نمونە: (کامیان جوانتر قسەی کرد؟... دایکی دکتۆر کازم یاخود سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ؟)یاخود قســـەی پەرلەمانتارێکی پارتی دانراوەو نوسراوە: (جادەکانی دهۆک لە رۆمانیا خۆشترە) یاخود قسەی پەرلەمانتارێکی دیکە کە دەڵێت: (دایکم حەیرانبێژبووە) یاخود لێدوانی وەزیری پەروەردە کە دەڵێت: (قوتابیان بۆ ئەوەی ســـەرمایان نەبێت با جلی گەرم لەبەر بکەن!) ئەم دەربڕینانە ڕق و کینەیان پێوە دیار نییە، بەڵام دانانی لە بارودۆخێکـدا کە گەرمەی ململانێی نێوان ئەم پـارتانەیە، بە ئـاشـــکرا بۆ هـاندانە بەئاراســـتەی ڕق و کینە، بۆ ئەوەیە بکەونە بەر هێرشی بەکارهێنەران و بە خراپترین شێوە پەلامار بدرێن.

## 5.3 هۆکارەکانی گوتاری ڕقئامێز:

لەم توێژینەوەیە هۆکاری دەسـتنیشـانکردنی کاتی چاودێریکردن و هەڵبژاردنی بەرواری ئەم شـــیکردنەوەیەمان خســـتەڕوو کە بۆ هەندێک بابەت کە مایەی مشـــتومڕو ململانێی پارتە ســـیاســـییەکان بوون لەو ماوەیەدا، لەخوارەوە ئەوە دەخەینەڕوو کە گوتاری ڕقئامێزی بەکارهاتوو لە هەر ســـێ پەڕەکە چۆن بەســـەر بارودۆخ و بابەتە جۆراوجۆرەکاندا دابەشبووە.

خشتەی (5)

هۆکارەکانی گوتاری ڕقئامێز لە هەر سێ پەڕەکە

| پەڕەکان / بابەتەکان | باسنیوز ژ | باسنیوز % | کۆباس ژ | کۆباس % | مەلیک ژ | مەلیک % | کۆی گشتی ژ | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار | 25 | 20.16 | 14 | 12.84 | 11 | 15.94 | 50 | 16.55 |
| درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان | 4 | 3.22 | 2 | 1.83 | 14 | 20.28 | 20 | 6.62 |
| 16ی ئۆکتۆبەر و ریفراندۆم | 19 | 15.32 | 20 | 18.34 | 3 | 4.34 | 42 | 13.90 |
| تیرۆرکردنی ئەفسەرێکی دژەتیرۆر | 33 | 26.61 | 10 | 9.17 | 00 | 00 | 43 | 14.23 |
| دەنگۆی ژەهرخواردی پەرلەمانتارێک | 17 | 13.70 | 23 | 21.10 | 8 | 11.59 | 48 | 15.89 |
| کشانەوەی تیمی یەکێتی لە حکومەت | 3 | 2.41 | 9 | 8.25 | 2 | 2.89 | 14 | 4.63 |
| بابەتە خزمەتگوزارییەکان | 4 | 3.22 | 14 | 12.84 | 28 | 40.57 | 46 | 15.23 |
| بابەتی جۆراوجۆری دیکە | 19 | 15.32 | 17 | 15.59 | 3 | 4.34 | 39 | 12.91 |
| کۆی گشتی | 124 | 100 | 109 | 100 | 69 | 100 | 302 | 100 |

ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ئەوە دەردەخەن، کە بەپلەی یەکەم و بەرێژەی (16,55%) بابەتی هەڵبژاردنی ســەرۆککۆماری عێراق هۆکاری ململانێ و پەلاماری یەکدی بووە، ئەم بابەتە لە ماوەی یەک ســـاڵی دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و بەهۆی رێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر ئەم پرسە زۆرترین مشت و مڕی لەسەر کراوە، بۆیە ململانێکان بۆ نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنگرانی پارتەکانیش شۆڕ بووەتەوە، تەنانەت کاریگەری لەسەر ئاڵۆزی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو.

بەپلەی دووەم و بە ڕێژەی (15.89%) دەنگۆی ژەهرخوارد کردنی پەرلەمانتارێکی نەوەی نوێ دێت، کە دەســـتی تۆمەت بۆ جوڵانەوەی نەوەی نوێ درێژکرا، هەڵبەت هەردوو پەڕەی کۆباس بە پلەی یەکەم و باســـنیوز بەپلەی دووەم، ئەم بابەتەیان بەدەرفەت زانیبوو بۆ لێـدان و کەمکردنەوە لەم جوڵانەوەیەو تۆمەتبـارکردنی بەم کارە، بۆیە لەو ماوەیەدا ســەرنجێکی زۆریان خســتووەتە ســەر ئەم پرســەو چەندین بابەتیان لەسەر بڵاوکردۆتەوە، لە کاتێکدا لەرووی یاساییەوە ئەم کەیسە یەکلایی نەبووەتەوە!.

بە پلەی سـێیەم و بە ڕێژەی (15.23%) بابەتە خزمەتگوزارییەکان و کەموکوڕییەکانی ئەم بوارە کراونەتە کەرەســـتەی ململانێ و گوتاری ڕقئامێز بۆ پەلاماردانی یەکتری، هەڵبەت لەتەنیشــت ئەو گرژییە ســیاســییەی کە لە نێوان پارتەکان لەســەر پرســە ســـیاســـییەکان هەیانە، ئەگینا جێگەی باوەڕ نییە کە پـارتی و یەکێتی بە یەکەوە حکومەتیـان دروســـتکردووە، لەبری ئەوەی بەیەکەوەو لە چوارچێوەی حکومەتـدا بایەخ بە بابەتە خزمەتگوزارییەکان بدەن، بابەتی خزمەتگوزاری بکەنە کەرەســـتەیەک بۆ هێرشکردنە سەر یەکتری! بەڵام نەوەی نوێ کە ئۆپۆزیسیۆنە، بەشوێن کەموکوڕی و کەمتەرخەمییەکانی حکومەتەوەیە بۆ ئەوەی بیکاتە کەرەسـتەی لێدان لە حکومەت، ئەگەرچی زۆرینەی کەوتووەتە چوارچێوەی گوتاری ڕقئامێزەوە.

بەپلەی چوارەم و بە ڕێژەی (14.23%) بابەتی تیرۆرکردنی ئەفسـەرێکی دژەتیرۆری یەکێتی لە هەولێر پێکهێنەری گوتاری ڕقئـامێز بووە لە نێوان پـارتی و یەکێتی، لە هەردوو پەڕەی باسـنیوز و کۆباس ڕەنگدانەوەی هەبوە، بەشـێوەیەک پارتی لەسـەر ئەم پرســـە یەکێتی تۆمەتبار دەکرد، بێگومان یەکێتیش وەڵامی خۆی هەبو. ئەم بابەتە یەکێک لە هۆکارەکانی تێکچونی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی بو، لەسەر ئەم پرسە بارودۆخ گەیشـــتە رادەیەک تیمی وزاریی یەکێتی بایکۆتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانی کرد و قەیرانێکی نوێی سیاسیی هێنایەکایەوە.

بەپلەی پێنجەم و بە ڕێژەی (13.90%) بابەتەکان دەچنە چوارچێوەی ئەو هێرش و پەلامارانەی کە پەیوەســـتن بە (16)ی ئۆکتۆبەر و کۆنترۆڵکردنی پارێزگای کەرکوک لەلایەن هێزە عێراقییەکان و حەشـدی شـەعبیەوە لە ساڵی (2017). ئەم پرسـە هەمو ساڵێک لەهەمان ڕۆژدا بەشێوەی جیاجیا دوبارە دەبێتەوە، خۆ ئەگەر نێوان پارتی و یەکێتی لەو کاتەدا باش نەبێت، یاخود گرژیەکی تێدا هەبێت، ئەوا ئاستی قسـەکردن و گوتاری ئەم دو پارتە لەســـەر ئەم بابەتە توندی بەخۆیەوە دەبینێت، وەک ئەوەی لە کاتی چاودێریکردنی ئێمە بۆ ئەم بابەتە ڕویداوە، هێرش و ســـوکایەتی و تۆمەتبارکردنی یەکتری و ناو و ناتۆرە، دیمەنی میدیاو میدیا ســـێبەرەکانی هەردوو پارت دەبێت و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp123-136

کەشـــێکی ئاڵۆز لەم بۆنانەدا دروســـــتدەکەن، هەر لەم کاتانەدا پرسی ڕیفراندۆم و لێکەوتەکانیشی دەخرێنەوە بەرباس و دەبنە کەرەستەی ململانێکان، چونکە هەندێک لە لایەنەکان ڕووداوەکانی شـــانزەی ئۆکتۆبەر وەک لێکەوتەی ڕیفرانـدۆمی هەرێمی کوردستان دەخەنەڕو.

بەپلەی شـەشـەم و بە ڕێژەی (12.91%) بابەتە جۆراوجۆرەکانی دیکەن، کە ئێمە وەک هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ماوەیە بۆ توێژینەوە دەســـتنیشـــانمان نەکردبوو، وەک هەندێک بابەتی کەسی و کێشەی کۆمەڵایەتیی بەسیاسیکراو.

بەپلەی حەوتەم و بە ڕێژەی (6.62%)ی بابەتەکان، درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردسـتانە، لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی یاسـاییی خۆی، هەڵبەت ئەم بابەتە زیاتر لە لایەن جوڵانەوەی نەوەی نوێ، وەک کەرەســــتەیەک بۆ پەلاماردانی هەردو پارتی دەســـەڵات بەکار دەهات و ســـەرنجێکی زۆری خراوەتە ســـەر، هەرچی گوتاری ڕقئامێزی دو پارتە دەسەڵاتدارەکەیە، وەڵامدانەوەی نەوەی نوێ و گوتارەکانی لەسەر ئەم پرسە بووە.

بەپلەی هەشـــتەم و بە ڕێژەی (4.63%) بابەتی کشـــانەوەی تیمی یەکێتی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان هاتووە، ئەم بابەتە لە کۆتاییەکانی ئەم مـانگەدا ڕویـداوە، کە ئێمە بۆ تێبینیکردن هەڵمانبژاردووە، بۆیە تا ڕادەیەک کاریگەری و کاردانەوەکانی دەرنەکەوتووە.

## 6.3 ئامانجکراوان لە گوتاری ڕقئامێزدا

هەڵبەت لەو شێوازە گوتارەی لە هەر سێ پەڕەکەدا تۆمارکراوە، ئەوەمان جیاکردۆتەوە کێ کراوەتە ئامانج، چونکە بەئامانجکراوەکان جۆراوجۆرن، لە خشـــتەی خوارەوە زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەخەینەڕو:

خشتەی(6)

بەئامانجکراوان لە گوتاری ڕقئامێزی هەر سێ پەڕەکەدا

| پەڕەکان / بەئامانجکراوان | باسنیوز | | کۆباس | | مەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| حیزب | 57 | 45.96 | 38 | 34.86 | 13 | 18.84 | 108 | 35.76 |
| کەسایەتی | 47 | 37.90 | 33 | 30.27 | 15 | 21.73 | 95 | 31.45 |
| حکومەت و پەرلەمان | 1 | 0.80 | 14 | 12.84 | 35 | 50.72 | 50 | 16.55 |
| شار و زۆن | 17 | 13.70 | 18 | 16.51 | 2 | 2.89 | 37 | 12.25 |
| بنەماڵە و خێزان | 2 | 1,61 | 6 | 5.50 | 4 | 5.79 | 12 | 3.97 |
| کۆی گشتی | 124 | 100 | 109 | 100 | 69 | 100 | 302 | 100 |

لە خشـــتەکەدا ئەوە ڕوندەبێتەوە بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (35.76%) گوتاری ڕقئامێز لە هەر سێ پەڕەکە ئاراستەی حیزبە سیاسییەکانە، واتە لە چوارچێوەی ئەو ململانێیەی کە پارتەکان هەیانە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگیداوەتەوە، دیارترین بەشی گوتاری ڕقئامێز ئاراستەی حیزب کراوە.

بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی (31.45%) کەســـایەتییەکان بونەتە ئامانجی گوتاری ڕقئامێز، بێگومان لێرەدا مەبەســت کەسـایەتییە سـیاسـییەکانە، کە لە پۆسـت و پلە جیـاجیـاکانی حزبی و حکومیـدا کاردەکەن و بەهۆکارێکی تایبەت و لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەکرێنە ئامانج و پەلاماردەدرێن.

لە پلەی ســـێیەمداو بەڕێژەی (16.55%) حکومەت و پەرلەمان کراونەتە ئامانج، ئەگەر تێبینی بکەین ڕێژەی بەئامانجگرتنی حکومەت لە لایەن پەڕەی مەلیکەوە زۆر بەرزترە لەچـاو دو پەڕەکەی تر، بەهۆکاری ئەوەی مەلیـک پەڕەی ســـێبەری جوڵانەوەی نەوەی نوێیە، کە پارتێکی ئۆپۆزیسیۆنە.

بەپلەی چوارەم و بەڕێژەی (12.25%)، شـــار و زۆن کراوەتە ئامانجی گوتاری ڕقئامێز. لە چوارچێوەی ئەو ململانێیەی پارتەکان هەیانە، هەندێکجار لە پەنای هێرش و پەلامارەکانیان، بەزانین بێت یان نەزانین، شـــار و ناوچە جیاجیاکان دەکەونە بەر ســـوکایەتی و هێرشی یەکتری، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دروســـتبونی جەمسەرگیری لە هەرێمی کوردستان، کە هەژمون و دەسەڵاتی پارتەکان لەو ناوچە و شارانە بیردەخاتەوە. بەواتایەکی تر لەپەنای پەلاماردانی ئەو پارتانە، ئەو ناوچە یان شار یان زۆنە کراوەتە ئامانج کە دەســەڵاتیان لێی زیاترە، ئەمە دەرخەری ڕاســتییەکە، کە تاوەکو ئێســتا لەبری دەسـەڵاتی حکومەت و دامەزراوەکانی حکومەت بەسـەر کۆی ناوچەکانی هەرێمی کوردســـتان، پارتەکان دەســـەڵاتیان لە ناوچە جیاجیاکان هەیە و لەگەڵ توندبونی گرژییەکان دەسەڵاتەکانیان لەناوچەکانی خۆیان زەقدەکەنەوە.

بەپلەی پێنجەم و بە ڕێژەی (3.97%)، خێزان و بنەمـاڵە کراونەتە ئـامـانج، ئەم شـێوازی بەئامانجکردنەی خێزان و بنەماڵە لە ناکۆکییە سـیاسـییەکاندا مێژویەکی هەیە و لەگەڵ توندبونی ململانێکاندا، میدیای پارتەکان بەرانبەر بە یەکتری بەکاریانهێناوە و تاوەکو ئێستاش ڕەنگدانەوەی لە بارودۆخی هاوشێوەدا هەیە.

داتاکانی نێو ئەم خشـــتەیە ئەوە دەردەخات، لە بارودۆخە جیاجیاکانی ململانێ و بە بەکارهێنانی میدیا وەک چەکێک دژ بەیەکتری، تەنها حیزب ناکرێتە ئامانج، بەڵکو هێرش و پەلامارەکان دەپەڕنەوە بۆ سـەر کەسـایەتی و شـار و ناوچە و دامەزراوەکانی حکومەت و تەنانەت بنەمـاڵە و خێزانە دیارەکانی نێو حیزبەکان، واتە بەئامـانجکراوان فرەچەشـنن، ئەم فرەچەشـنییە وادەکات کە پانتایی گوتاری ڕقئامێز بەرفراوانتر بێت، چونکە ئەوکاتەی لەپەنای هێرشـکردنە سـەر پارتێک، شـارێک دەکرێتە ئامانج، کە فرەپێکهاتەو فرەلایەنە و موڵکی هیچ پارتێکی دیاریکراو نییە، ئەوا کاردانەوەی نەرێنی لای خەڵکی ئەو شـارە دروسـتدەکات، کە هۆکارە بۆ زەقکردنەوەی ناوچەگەرێتی لە هەرێمی کوردستان.

## 7.3 چەمک و دەستەواژە بەکارهاتووەکانی ڕق و کینە:

لەو ماوەیەی بۆ چاودێریی کاری ئەم پەڕانە گیراوەتەبەر، کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی ڕقئامێز بەکار هاتووە، کە زیاتر لە جارێک دوبارە بونەتەوە، لەخوارەوە هەوڵدەدەین ئەو چەمک و زاراوانە لەهەر یەکێک لەو پەڕانە بەداتا بخەینەڕو.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp123-136

خشتەی(7)

چەمک و دەستەواژە بەکارهاتووەکانی ڕقوکینە لە بابەتی هەر سێ پەڕەکە

| پەڕەکان / چەمک و زاراوەکان | باسنیوز ژ | باسنیوز % | کۆباس ژ | کۆباس % | مەلیک ژ | مەلیک % | کۆی گشتی ژ | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جاش، کۆیلە، خیانەت، بەکرێگیراو، خاکفرۆش | 23 | 18.54 | 18 | 16.51 | 10 | 14.49 | 51 | 16.88 |
| دز، گەندەڵ، ساختەکار، قۆڵبڕ، قەرزار | 24 | 19.35 | 29 | 26.60 | 25 | 36.23 | 78 | 25.82 |
| درۆزن، شکستخواردوو، دۆڕاو، ڕیسوا، شڵەژاو، نەقیزە | 24 | 19.35 | 18 | 16.51 | 11 | 15.94 | 53 | 17.54 |
| بنەماڵە، گروپ، تاقم، میلیشیا، تیرۆرست، چەتە | 18 | 14.51 | 20 | 18.34 | 9 | 13.04 | 47 | 15.56 |
| هی دیکە | 35 | 28.22 | 24 | 22.01 | 14 | 20.28 | 73 | 24.17 |
| کۆی گشتی | 124 | 100 | 109 | 100 | 69 | 100 | 302 | 100 |

لەخشتەکەدا ئەوە ڕونبووەتەوە کە زۆرترین ئەو چەمک و زاراوانەی بەرانبەر بە یەکتری لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکار هاتوون، بریتین لە(دز، گەندەڵ، ساختەکار، قۆڵبڕ، قەرزار) بەرێژەی (25.82%) کە هێرش و هێرشی پێچەوانەن لەلایەن هەر سێ پەڕەکە، ئیتر چ بۆ سەر حیزب و کەسایەتییەکان بێت، یاخود دامەزراوەکان.

بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی (24.17%)، چەند چەمک و دەستەواژەیەک بەکارهاتون کە تەنها یەک جار بەرچاومان کەوتون و لە چوارچێوەی دیکەدا جێگەیان کراوەتەوە، وەک (ئاشبەتاڵ، علوج، سیخوڕ، ریفراندۆمچی، وایزانی رادیۆیە، فاشیل، قۆنەرە) هەروەها چەندین دەستەواژەی دی کە دەکەونە چوارچێوەی هاندان بۆ ڕق و کینە.

بە پلەی سێیەم و بەرێژەی (17.54%) ئەم چەمک و زاراوانە هاتوون (درۆزن، شکستخواردوو یان تێکشکاو، دۆڕاو، ڕیسوا، شڵەژاو، نەقیزە)زیاترینی ئەم چەمک و زاراوانە وەک پەرچەکردار و وەڵامدانەوە بەکارهاتوون کە مۆرکی سوکایەتی لەخۆ دەگرن.

لە پلەی چوارەم و بەرێژەی (16.88%) تۆمەت و ناوناتۆرەی جیاجیای وەک (جاش، کۆیلە، خیانەت، بەکرێگیراو، خاکفرۆش) هاتووە، ئەم چەمک و زاراوانەش مێژویەکی دورودرێژیان لە ململانێ سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیەو بۆ کەمکردنەوە لە یەکتری لە ئاڵۆزی و بارودۆخە قەیراناوییەکاندا بەکاری دەهێنن.

لە پلەی کۆتایی و بەرێژەی(15.56%) ئەم چەمک و زاراوانە بەکارهاتوون (بنەماڵە، گروپ، تاقم، میلیشیا، تیرۆر، یان تیرۆریست، چەتە) ئەمەش شێوازێکی دیکەی گوتارە کە پارتە سیاسییەکان بۆ هێرشکردنە سەر یەکتری و دروستکردنی جیاکاری و ناوزراندن بەکاری دەهێنن.

ئەوەی بەرچاودەکەوێت، میدیای پارتەکان بە چڕی کار لەسەر دروستکردنی وێنەی هزری لەسەر بەرانبەرەکانیان دەکەن، بۆ نمونە کە دەوترێت کۆیلە یان خاکفرۆش یان قەرزار و قۆڵبڕ، یاخود بنەماڵە، یان هەر یەکێک لەو چەمک و زاراوانە، بێ ئەوەی ناوی پارتەکان، یان کەسەکان ببرێت، دەزانرێت مەبەست کێیە! بێگومان ئەم بابەتە پرۆسەیە و بە دوبارە کردنەوەی لە کاتێکی زۆردا بە ئامانجی چەسپاندنی کاری لەسەر کراوە، بۆیە دروستکردنی وێنەی هزریی نەرێنی لە کاتی ململانێ سیاسییەکاندا، چەکێکی کاریگەرە بۆ ناشیرینکردنی بەرانبەر لە لایەن پارتە سیاسییەکانی کوردستان.

### 8.3 شێوازی کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ گوتاری ڕقئامێز:

لەخشتەی خوارەوە شێوازی کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ بابەت و بڵاوکراوەی هەر سێ پەڕەکە، لەماوەی مانگێکدا دەخەینەڕو.

خشتەی (8)

شێوازی کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ گوتاری ڕقئامێزی هەر سێ پەڕەکە ڕوندەکاتەوە

| پەڕەکان / کارلێک | باسنیوز ژ | باسنیوز % | کۆباس ژ | کۆباس % | مەلیک ژ | مەلیک % | کۆی گشتی ژ | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمێنت | 35444 | 14.49 | 36441 | 0.66 | 38596 | 0.54 | 110481 | 0.86 |
| لایک و ئیمۆجی | 208331 | 85.20 | 316309 | 5.77 | 512482 | 7.19 | 1037122 | 8.07 |
| ڤیو(بینینی ڤیدیۆ) | 00 | 00 | 5118560 | 93.50 | 6562581 | 92.13 | 11681141 | 90.96 |
| شەیر(بەشداری) | 718 | 0.29 | 2626 | 0.04 | 9166 | 0.12 | 12510 | 0.09 |
| کۆی گشتی | 244493 | 100 | 5473936 | 100 | 7122829 | 100 | 12841254 | 100 |
| | %1.90 | | %42.63 | | %55.47 | | %100 | |

لەم خشتەیەدا لەڕێگای وەرگرتنی داتاکانی پەیوەست بە کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ ئەو بابەت و بڵاوکراوە سیاسییانەی هەڵگری مۆرکی ڕق و کینەن، ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، ئەم بابەتانە بە چەند کەس گەیشتوون و بەکارهێنەرانیش چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بابەتەکاندا کردووە؛ لەماوەی تەنها یەک مانگدا (12,841,254) کەس لە ڕێگای بەسەرکردنەوەی بابەتەکانەوە بە شێوازی جیاجیا کارلێکیان لەگەڵ

بڵاوكراوە جۆراوجۆرەكانی ئەم سێ پەڕەیەدا كردووە، ئەم داتایە تەنها داتای كۆكراوەی (302) پۆست و بڵاوكراوەی ڕقئامێزە لەماوەی مانگێكدا.

لەو ماوەیەدا ڕێژەی (0.86%) بەكارهێنەران كۆمێنتیان لەسەر بڵاوكراوەكان نوسیوە، واتە لەبەرانبەر ئەو پۆســـت و بڵاوكراوانەدا بەكارهێنەران كاردانەوەیان هەبوە و ڕاو بۆچونی خۆیان خســـتۆتەڕو، ئیتر هەر بەكارهێنەرە و بەشـــێوازێک كاردانەوەی بۆ بڵاوكراوەكان هەبووە. هەروەهـا ڕێژەی (8.07%) لایكیـان لەســـەر بڵاوكراوەكان كردووە، ئەویش بە پشـــتیوانیكردنی یان بەدەربڕینی توڕەیی یاخود بەپێكەنین و گاڵتەپێكردن.

هەر لەو مانگەدا ڕێژەی ئەوانەی ڤیدیۆ بڵاوكراوەكانی ئەو پەڕانەیان بینیوە بریتییە لە (90.96%)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە كە زۆرترین كارلێک لەگەڵ بڵاوكراوەكان لە ڕێگەی بینینی ڤیدیۆیەكان و تەماشـــاكردنیانەوە بووە، ئەم شـــێوازە كاریگەرترین شێوازە بۆ گەیاندنی بابەتەكان بە زۆرترین كەس و بەكارهێنەر، بەڵام مەرج نیە گشت ئەوانەی ڤیدیۆكانیان بینیوە كاردانەوەیان هەبێت، هەندێكیان كاریگەر بون و كارلێكیان كردووە و لە ڕێگەی لایک و كۆمێنتەوە ڕای خۆیان لەســەر بابەتەكان دەربڕیوە، بەڵام هەندێكیان تەنیا تەماشایان كردووە و لە بەرانبەر بابەتەكان بێوەڵام بون.

كۆتا داتا، داتای شــەیركردن و بەشــداریكرنی بڵاوكراوەكانە لەلایەن بەكارهێنەرانەوە، ڕێژەی (0.09%) لە بەكارهێنەران لەو مـانگەدا شـــەیری بابەتەكانیـان كردووە، شــەیركردنی پۆســت و بابەتەكان واتە ئەو بەكارهێنەرە ئەو بڵاوكراوەی بە دڵە و لەگەڵ تێڕوانین و بیركردنەوەی دەگونجێت، بۆیە جارێكی تر لەســـەر ئەكاونت و واڵی خۆی بڵاوی كردۆتەوە. شەیركردن و بڵاوكردنەوەی دوبارەی بابەتەكان لەلایەن بەكارهێنەرانەوە وادەكات كە ئەم پۆســـتانە لەلایەن ژمارەیەكی زیاتری بەكارهێنەرانەوە كارلێكیان لەگەڵ بكرێت و كاردانەوەیان بە لایک و كۆمێنت هەبێت.

زۆرترین كارلێک لەگەڵ بابەتەكانی پەڕەی مەلیک كراوە، بەهۆی زۆریی ڤیدیۆكانییەوە كە زۆرترین تەماشـاكاری هەبووە، ڤیدیۆكانیش بابەتی هاندان و سـەرنجڕاكێشی زۆری تێدایە، بەڵام پەڕەی باسـنیوز هیچ ڤیدیۆیەكی دروسـتنەكردووە و زیاتر كاری لەسـەر پۆسـتەر كردووە كە بە گرافیک دیزاین و فۆتۆشۆپ، بۆ سـەرنجڕاكێشانی بەكارهێنەران چاككراون.

## 9.3 كاردانەوەی بەكارهێنەران بەرانبەر بڵاوكراوە ڕقئامێزەكانی هەر سێ پەڕەكە

بۆ زانینی ئاستی كاردانەوەی بەكارهێنەران بەرانبەر گوتاری ڕقئامێزی هەرسێ پەڕەكە، هەوڵمانداوە لە هەر پەڕەیەک نمونەیەک وەربگرین، لە كۆی گشتیی بابەتە بڵاوكراوەكان لە ماوەی ئەو مانگەدا، كە بۆ نمونەی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە، لەڕوی كۆمێنتەوە زۆرترین كارلێكی لەگەڵ كراوە، لە هەر بابەتێـک هەزار كۆمێنتی بەكارهێنەران شـــیكردنەوەی ناوەرۆكی بۆ كراوە، ناونیشـــان و ناوەرۆكی بابەتەكانیش بەم شـــێوەیە بوون:

لە پەڕەی باســـنیوز بابەتێک وەرگیراوە، بڵاوكراوەیەكە لەســـەر ســـەرۆک كۆماری پێشـــووی عێراق، ناونیشـــانی بابەتەكە بریتییە لە: (دوای ئەوەی دۆڕا و شـكسـتی خوارد، چ ئیشێكت بۆ سەرۆككۆماری پێشووی عێراق پێباشە؟)

لەپەڕەی كۆباس بابەتێـک وەرگیراوە، زۆرترین كارلێكی لەگەڵ كراوە و بریتییە لە بابەتێک بەناونیشانی: (یەكێک لە دەستكەوتەكانی ڕیفراندۆم بنوسە)

هەروەها لەپەڕەی مەلیک بابەتێک وەرگیراوە، وتەی پەرلەمانتارێكی یەكێتییە، كە دەڵێت: (ئێمەش ماڵ و منداڵمان هەیە و مافی خۆمانە پەرلەمانی بۆ درێژ بكەینەوە و مووچە وەربگرین).

هەڵبەت هەر ســـێ بابەتەكە بابەتگەلێكن كە مایەی مشـــتومڕی ســـیاســـین و لە تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان كاردانەوەی جۆراوجۆریان بەدوای خۆیاندا هێناوە، هەوڵدەدەین لەسەر ئەو سێ بابەتە لەخشتەی خوارەوەدا جۆری كاردانەوەی بەكارهێنەران لەسەر هەرسێ پرسەكە بە داتا بخەینەڕو:

خشتەی(9)

كاردانەوەی بەكارهێنەران لەسەر بڵاوكراوەی هەر سێ پەڕەكە

| پەڕەكان / جۆری كاردانەوەكان | باسنیوز ژ | باسنیوز % | كۆباس ژ | كۆباس % | مەلیک ژ | مەلیک % | كۆی گشتی ژ | كۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سوكایەتی و گاڵتەپێكردن | 554 | %55.4 | 350 | %35 | 259 | %25.9 | 1163 | %38.76 |
| جوێن و قسەی ناشیرین | 75 | %7.5 | 186 | %18.6 | 337 | %33.7 | 598 | %19.93 |
| تۆمەت و ناووناتۆرە | 80 | %8 | 141 | %14.1 | 18 | %1.8 | 239 | %7.96 |
| تانەوتەشەر | 49 | %4.9 | 174 | %17.4 | 195 | %19.5 | 418 | %13.93 |
| كۆمێنتی ئاسایی دوور لە ڕق و كینە | 242 | %24.2 | 149 | %14,9 | 191 | %19.1 | 582 | %19.4 |
| كۆی گشتی | 1000 | %100 | 1000 | %100 | 1000 | %100 | 3000 | %100 |

لە زانیارییە بەدەستهاتووەكاندا دەردەكەوێت، بە پلەی یەكەم و بە ڕێژەی (38.76%) كاردانەوەی بەكارهێنەرانی هەر ســـێ پەڕەكە بریتی بووە لە ســـوكایەتی و گاڵتەپێكردن بەرانبەر بڵاوكراوەكان، هەروەهـا بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی (19.93%) جوێن و قســـەی ناشـــیرین لە لایەن بەكارهێنەرانەوە بەكارهاتووە، بەڵام ڕێژەی (19.4%) بەكارهێنەران تێچێنەكانیـان ئەرێنی و دوور لە ڕقوكینە بووە، بگرە هەنـدێكیـان ســەرزەنشــتی ئەم جۆرە زمانەیان كردووە كە لەســەر بڵاوكراوەكان نوسراون. لەلایەكی ترەوە، ڕێژەی (13.93%) تانەوتەشـــەریان لەســـەر هەر ســـێ بڵاوكراوەكە داوە، هەروەها ڕێژەی (7.96%) تۆمەت و ناووناتۆرەیان لەســـەر بڵاوكراوەی هەر ســـێ پەڕەكە نوسیوە.

كۆی گشتیی ئەنجامە بەدەستهاتووەكانی سەر بڵاوكراوەی هەرسێ پەڕەكە، ئاماژەیەكی نەرێنی لە كاردانەوەی بەكارهێنەران نیشاندەدات، كە ئەوانیش بە جیاوازیی بیروبۆچون و شـێوازی بیركردنەوە و دابەشـبونیان بەسـەر ناوچە و پارت و شـوێنە جیاجیاكانی هەرێمی كوردسـتاندا دابەشـبون و ڕێژەیەكی بەرچاویان بونەتە بەشـێک لەو كەشـەی كە گوتاری ڕقئامێز لە ململانێ سیاسییەكاندا بەرهەمدەهێنێت.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp123-136

## 4. ئەنجامەکان:

دوای شیکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتی بڵاوکراوەی هەر سێ پەڕەی باسنیوز، کۆباس، مەلیک، توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

1. میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زیاتر گرنگی بە بابەتە سیاسییەکان دەدەن؛ تەنها بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانیان، نیوەی هەموو بابەتە جۆراوجۆرەکانی دیکەیە.
2. ڕێژەیەکی بەرز لە گوتاری ڕقئامێز لە بڵاوکراوەی میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکاندا هەیە، بەشێوەیەک ڕۆژانە ١٠ بابەتی هەڵگری ڕقوکینە بڵاودەکەنەوە.
3. شێوازی دەربڕینی گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکاندا، بە پلەی یەکەم دەچێتە خانەی ڕق و کینە، واتە ڕاستەوخۆ هێرش و پەلامار و سوکایەتی و قسەی ناشیرینی تێدایە، ڕێژەیەکیش دەچێتە خانەی هاندان بۆ ڕق و کینە.
4. لە بڵاوکراوەکانی میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوتووە، بەپلەی یەکەم، هێرش و زمانی زبر بەرانبەر یەکدی بەکارهاتووە، ئینجا ناووناتۆرە و پاشان سوکایەتی بە یەکتری.
5. هۆکارەکانی گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکاندا جۆراوجۆرن، بەڵام ململانێ لەسەر دەسەڵات بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت.
6. لە گوتاری ڕقئامێزی میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکاندا، بەئامانجکراوان فرە چەشنن، بەڵام بە پلەی یەکەم پەلاماری پارتەکان و بەدوای ئەویشدا کەسایەتییە سیاسییەکانی نێو پارتەکان دراوە.
7. چەمک و زاراوەی جۆراوجۆر وەک هێرش و پەلامار و سوکایەتی لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان بۆ سەر یەکتری بەکارهاتووە، دیارترینیان (دز، گەندەڵ، ساختەکار، قۆڵبڕ، قەرزار، درۆزن، شکستخواردو، ریسوا، شڵەژاو، جاش، کۆیلە، خیانەت، بەکرێگیراو، خاکفرۆش... هتد).
8. کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ گوتاری میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە، بەشێوەیەک لە ماوەی یەک مانگدا زیاتر لە (دوانزە ملیۆن) کەس کارلێکیان لەگەڵ بڵاوکراوەکانیان کردووە، زۆرترین کارلێکیش لە ڕێگای ڤیدیۆ بڵاوکراوەکان بووە، کە هەڵگری مۆرکی ڕق و کینەن.
9. بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقئامێز لە میدیای سێبەری پارتە سیاسییەکان، کاریگەریی نەرێنی لای بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروستکردووە، بەشێوەیەک بەشێک لەبەکارهێنەران لە پشتیوانییان لەم جۆرە گوتارە و بەشێکی تریشیان لە کاردانەوەیان بەرانبەر ئەم گوتارە، بونەتە بەشێک لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقئامێز و تێچێن و دەربڕینەکانیان دەچێتە ئەم خانەیەوە.

## 5. ڕاسپاردەکان:

1. دەرچواندنی یاسایەک تایبەت بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە تا ئێستا یاسایەکی تایبەت بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نییە.

2. حکومەت لە ڕێگای دامەزراوە پەیوەندیدارەکانییەوە، پارت و لایەنە سیاسییەکان ناچار بکات کە لە ململانێ سیاسییەکانی نێوانیان لە ڕێگەی میدیا فەرمی و نافەرمییەکانیانەوە، نەبنە هۆکار بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقوکینە و هزری توندڕەوی لەنێو کۆمەڵگادا.

3. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە گوتاری ڕقوکینە و دەرئەنجامەکانی لە لایەن دامەزراوە پەروەردەییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ناوەندە ئایینییەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

4. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە لایەن توێژەران و ناوەند و دامەزراوەکانی بواری توێژینەوە، بە ئامانجی دەرخستن و ئاشکرا کردنی لێکەوتە زیانبەخشەکانی گوتاری ڕقئامێز و کاریگەرییەکانی لەسەر دروستکردنی پەرتەوازەیی لەنێو کۆمەڵگادا.

## 6. لیستی سەرچاوەکان:

شوانی، هێمن ئەمین، 2020، ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی- نامەی ماستەر- بەشی کۆمەڵناسی-کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

دۆسیەی سیاسی گۆڤاری گوڵان، 2022، خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیاو زیرەکی دەستکرد(AI)، ژمارە 1302.

الجبوري، ارادة زيدان، 2018، خطاب الكراهية في وسائل الاعلام العراقية،كلية اداب، جامعة عين شمس، منشور في حوليات اداب عين الشمس، المجلد46.

الرحامنة، ناصر سعود، 2018، خطاب الكراهية في شبكة الفيس بوك في الاردن، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الي كلية الصحافة والاعلام ، جامعة الشرق الاوسط.

اسماعيل، علي سيد، 2020، مواقع التواصل الاجتماعي بين التصرفات المرفوضة والاخلاقيات المرفوضة، الاسكندرية، دار التعليم الجامعي.

بعزيز. ابراهيم، 2012، تكنلوجيا الاتصال الحديثة وتأثيراتها الاجتماعية والثقافية، القاهرة، دار الكتاب الحديث.

استراتيجية الامم المتحدة وخطة عملها بشأن خطاب الكراهية، 2019، ص2. علي موقع الامم المتحدة: https://www.un.org/en/genocideprevention/documents/Action_plan_on_hate_speech_AR.pdf

البدري، اركان هادي، 2019، خطاب الكراهية في نطاق القانون الدولي الجنائي، مجلة العلوم القانونية والسياسية، المجلد الثامن- العدد الثاني.

داتا ریپۆرتاڵ، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2023-12-4 https://datareportal.com/essential-facebook-stats

يقطين. سعيد، 1997، الخطاب الروائي( الزمن- السرد، التبئير)، بيروت، الناشر: المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر.

بوجمعة، ا.د. رضوان، 2020، خطابات الكراهية والتحريض: الظاهرة المفهوم واليات المواجهة، من منشورات مرصد الاعلام في الشرق الاوسط وشمال افريقيا.

كاكاياردون، اغينيو و اخرون، 2010، مكافحة خطاب الكراهية في الانترنت، ترجمة: صابر تروات، فرنسا، سلسلة اليونسكو حول حرية الانترنت.

الصراف، دوللي، 2022، خطاب الكراهية عبر مواقع التوصل الاجتماعي: سبل المكافحة، مجلة اوراق السياسات الامنية، جامعة نايف للعلوم الامنية، العدد16.

صحراوي، فريد، 2022، مكافحة خطاب الكراهية في البيئة الرقمية- دراسة علي ضوء القانون 05-20، دائرة البحوث والدراسات والقانون والسياسة، المجلد06،.

الربيعي، بيرق حسين جمعة، 2019،دور مواقع التواصل الاجتماعي في بناء خطاب الكراهية، بحث مقدم الي المؤتمر الدولي: خطاب الكراهية واثره في التعايش المجتمعي والسلمين الاقليمي والدولي- اربيل.

مركز هي للسياسات العامة، 2015،التصدي لخطاب الكراهية عبر الانترنت، المملكة الاردنية الهاشمية.

شفيق، حسنين، 2018، مصادر الاخبار من وكالات الانباء الي الفيسبوك، دار فكر وفن، بدون مكان الطبع،.

القضاة، علي منعم، 2013، التواصل الانساني بين ثورة اللغة وعصر الديجتال، الدمام، مكتبة المتنبى.

ماڵپەری(we are social) لە ریکەوتی ٢٤-٤-٢٠٢٣ وەرگیراوە:

https://wearesocial.com/us/blog/2022/10/the-global-state-of-digital-in-october-2022/

عكنان، اسامة، 2019، دور الانترنت في الثورات العربيى، ناشر: المعهد المصري للدراسات.

زرن، جمال، 2017، شبكات التواصل الاجتماعي في بيئة الاعلامية متغيرة: دروس من العالم العربي، تونس، مطبعة ر د م ك.

كاستلز، مانويل، 2017، شبكات الغضب والامل و الحركات الاجتماعية في عص الانترنت، بيروت، ترجمة: هايدي عبداللطيف، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات.

الهنداوي، ابراهيم، 2013، دور الاعلام في الربيع العربي وتجذير الديموقراطية، موقع الكتروني الرأي،: http://alrai.com/article/574133.html

Ben- David, Ana & Fernandez, Ariadna Matamoros, (2016). Hate speech and covert discrimination on social media: monitoring the facebook pages of extreme- right political parties in spain, international journal of communication,V10.

Isasi, Alex Cabo and Ana Juanatey, García, 2016, Hate speech in social media: a state-of-the art review, ajuntament de Barcelona.

York, Jillian, & Zukerman, Ethan, 2019, moderating the public sphere, the MIT press, Cambridge, London.